IKUF
Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige.

لاوان
کۆمیتەی بەڕێوبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سوئێد

Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan

بانگەواز کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!
ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!

کۆمەڵێک مرۆڤی ئازادیخواز پێکهاتوو لە ژن و منداڵ و پیر و لاو کە ژمارەیان 1200 کەس دەبێ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە لە باکوری وڵاتی عێراقەوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان پەنایان بۆ کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) لە وڵاتی تورکیەدا هێناوە. هەموو ئەو پەنابەرانە ڕابردووی کارو تێکۆشانی ئاشکرایان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا و بەتایبەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە. ئێستا ئەو مرۆڤانە زیاتر لە ساڵ و نیوێکە وەکو پەنابەری سیاسی لە وڵاتی تورکیەدا دەژین.

بەگوێرەی ڕێوشوێنە یاسایی‌یەکانی وەرگرتنی پەنابەری سیاسی لە لایەن کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) هەموویان وەکو پەنابەری سیاسی وەرگیراون. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئەو کۆمەڵە پەنابەرە لە مافەکانیان وەکو پەنابەری سیاسی لە لایەن (UNHCR) چاوو لێناکرێن. پڕۆسەی ڕاگوێستنی ئەوان بۆ وڵاتانی پەنادەر بەتەواوی ڕاوەستاوە. چەند مانگێکە لەبواری ماددی‌یەوە کە یارمەتی‌یەکی کەم دەدرا بەبەشێک لە پەنابەران ئەویش نادرێ. پێڕاگەیشتنی پزیشکی و دەرمانی تا ئاستێک سنووردارە کە دەکرێ بووترێ نی‌یە بۆ 1200 کەس تەنها یەک ژمارە تەلەفۆن دانراوە و ئەویش بەگووتەی ئەو پەنابەرانە زۆر کەم وڵامدەداتەوە. منداڵان بەتەواوی لە خوێندن و ژیانی منداڵی خۆیان بێبەشن.

سەرەڕای هەموو ئەو گیروگرفتانەش بەگوێرەی یاساو دەستورێک کە لەوڵاتی تورکیەدا هەیە ئەو پەنابەرانە مافی هەڵسوڕان و کارکردنیان نی‌یە لەو وڵاتەدا و مانەوەی ئەوان لە وڵاتی تورکیەدا سنووردارە و لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی داهاتوودا ماوەی مانەوەی ئەو پەنابەرانە کۆتایی دێ و پۆلیسی تورکیە بە پەنابەرانی ڕاگەیاندووە کە دەبێ ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن. کە ئەمەش لە لایەکی دیکەوە ژیان و گوزەرانی پەنابەرانی دژوارتر کردووە. ئێستا مەترسی تەحویلدرانەوەی ئەو پەنابەرانە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران جیددیە. ئەو پەنابەرانەش بەهۆی ڕابردووی کارو تێکۆشانی سیاسی‌یان لەگەڵ سزای مەرگ و زیندانی درێژخایەن بەرەو ڕوو دەبنەوە لەم پێوەندیەدا گەلێک نموونە هەن.

پەنابەران بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی خۆیان تا ئێستا چەند جارێک مانگرتنیان بەڕێوەبردووە و بەڵام بەهۆی فشاری پۆلیسی تورکیە و هێندێک جارانیش بەوادەو بەڵێنی ناڕاستی کاربەدەستانی (UNHCR) ئەو مانگرتنانە ئاکامێکیان نەبووە.

دیسان پەنابەران بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان و داواکردنی مافەکانیان

وەکو پەنابەری سیاسی لە زۆربەی ئەو شارانەی کە پەنابەریان لێدەژین لە وڵاتی تورکیەدا دەستیان کردووە بە مانگرتن. داواکەنیان بریتی‌یە لە:
پشتگرییان بکەن و گوشار بخەنە سەر UNHCR بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی خێرا و یەکجارەکی بۆ کێشەی ئەو 1200 پەنابەرە لە تورکیەو راگواستنیان بۆ ولاتێکی ئەمن لە ئاسایش و ژیانی ئینسانیان دابین بکرێت.

کومیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد
2005 ـ 6 ـ 29

Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige. URL address: www.lawan.se , E-mail: lawan@lawan.se
Telefax: 004657019259, GSM:0046736710131, Post adress: skebokvarnsvägen 324, 124 50 bandhagen , Sweden.
یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران - سوئێد